www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 7-11-2007 1:52

**داخستنی بارەگاکانمان ناکەوێتە خزمەتی بەرژەوەندی گەلەکەمان ... پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان**

ڕێککەوتی (2007/11/3) سەرلەبەیانی و لە ڕووداوێکی ناکاودا هەڤاڵ عەبدوڵڵا ئیسماعیل ئەندامی بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخستنی دهۆکی پارتیمان لەلایەن ئاسایشی پارێزگای دهۆکەوە بەشێوەیەکی نایاسایی دەستگیرکراو دواتر ئاسایشی هەولێر و سلێمانی لە هەمان ڕۆژدا دەستیان بەسەر بارەگای هەولێر و سلێمانی پارتیماندا گرت.

ئێمە لەکاتێکدا ئەم کردەوانە بە کردەوەی نایاسایی و نادیموکراتی و نانەتەوەی دەبینین و شەرمەزاریان دەکەین، پێمانوایە ئەم کردەوانەناکەونە خزمەتی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان و ئێراقیشەوە و بە زەنگێکی مەترسیداری دەبینین بۆ دەستتێوەردانی زیاتر لەلایەن هێزە هەرێمییەکانەوە بۆ کاروباری ناوخۆی ئێراق و هەرێمی باشووری کوردستان. بەواتایەکی تر ئەمە سەرەتایەکی خراپە بۆ پێشێلکردنی سەروەری هەرێمی باشووری کوردستان و ئێراق. ئێمە وەکو مەکتەبی سیاسی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان ئەم چەند خاڵەی خوارەوە سەبارەت بەم ڕووداوە و بارودۆخی ئەم دواییە دەخەینەڕوو:

1 -- لەلایەک ئاسایش و ڕاگەیاندنەکان دەڵێن ئەم هەنگاوە لە چوارچێوەی پەیمانی ڕێکەوتنەکانی ئێراق و تورکیا دانراوە و هەنگاوێکە بۆ هێور بوونەوەی ئەو بارگرژییەی کە لەسەر سنووری ئێراق و تورکیا هەیە. لەلایەکی ترەوە دوکتۆر فوئاد حسێن سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم دەڵێت داخستنی ئەو بارەگایانە لەبەر ئەوەیە (پچدك) مۆڵەتی فەرمی نییە، ئێمە پێمانوایە ئەم دووبیانوە درۆیەکی نابەجێن، چونکە پارتەکەمان هۆکارێك نییە بۆ ئاڵۆزی سەر سنوری تورکیا و داخستنی بارەگاکانی ئێمە نابنە هۆکار بۆ چارەسەری ئەو بارگرژییە، ئەو نا ئارامییە تەنها بەوە چارەسەردەکرێت کە ڕژێمی تورکیا دەست لەو سیاسەتە نەژاد پەرستییە بەربدات و ناسنامەو مافەکانی گەلی کورد پەسەند بکات. لەلایەکی ترەوە سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆخۆی لە بەرنامەیەکی کەناڵی (ئەلجزیرە) دا باسی لەوە کرد کە ئێمە پارتییەکی یاسایین و بەپێی یاسای ئێراق، بەدڵنیاییشەوە ئەگەر یاسا و پێوانەی نیشتمانی سەروەربن ئێمە خۆمان لە هەموو کەس یاسایی تر و نیشتمانپەروەرتر دەزانین، چونکە کاری نایاساییمان نەکردو خزمەتی وڵاتی خۆمان دەکەین.

2 -- حکومەتی هەرێم و بەرپرسانی هەرێم نزیکەی مانگێکە باس لەوە دەکەن کەرژێمی تورکیا رژێمێکی شەڕخوازە و کێشەکانی تورکیا و سنوور بەشەڕ چارەسەر نابێت، ئەم هەڵوێستانە لەجێگەی خۆیانداببوون، بەڵام ئەم کردەوانەی دوایی بەتایبەتیش هەندێك لێدوان لەم دوایەدا دەدرێن و کوژرانی سەربازی تورکیا و شەڕەکان شەرمەزار دەکەن و پەکەکە وەك هۆکار نیشاندەدەن هەڵوێستی ڕاستی نین و دەبنە مۆراڵ و هاوکاری بۆ سیاسەتی تورکیا، ئێمە داوا لە بەرپرسانی ئێراق و هەرێمی باشووری کوردستان دەکەین کە بەم سیاسەتەیان بچنەوە و لەجێگەی ئەوەی فشار بخەنە سەر پەکەکە کە لایەنێکی ئاشتیخوازو ئازادیخوازە، فشار بخەنە سەر تورکیا کەئاشتی پەسەند ناکا و بەهیچ شێوەیەك ناسنامەی نەتەوەیی کورد پەسەند ناکات.

3 -- داوا لەسەرجەم ئازادیخوازانی گەلەکەمان و پارت و ڕێکخراو دامودەزگاکانی هەرێم دەکەین کە ئەم کردەوە ناڕەوایانە پەسەند نەکەن و لە پێناوی بەرقەراربوونی ئاشتی و ئازادی و دیموکراتیدا بە هەڵوێستی دیموکراتیانە ڕێگە لەم هەنگاوە بگرن، ئەگەر ئەم هەنگاوە ڕێگەی لێ نەگیرێت ئەوا ڕەنگە هەنگاوی نەخوازراوتر بنرێت بەپێی داخوازی و بەرژەوەندییەکانی تورکیا. ئێمەش وەکو پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان بۆ هەڵوەشانەوەی ئەم بڕیارە و ڕێگەگرتن لە هەر ئەگەرێکی تر تێکۆشانی دیموکراتی و یاسایی خۆمان بەڕێوەدەبین و داوا لەسەرجەم کادیر و ئەندام و لایەنگرانمان دەکەین کە لە ڕوانگەی بەرژەوەندی نەتەوەیی و دیموکراتییەوە بە بەرپرسیارانە هەڵسوکەوت بکەن.

مەکتەبی سیاسی

پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان
2007/11/4

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.